گـۆڤـاری زانـكـۆی راپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/zhq5jz44

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 10/08/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 05/10/2025
ڕێكەوتی بلاوكردنەوە: 20/06/2026

# ڕۆڵی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە تواناداركردنی تاكەكان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی (توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە شاری هەولێر)

**لانە كاوە طیب[١] - ئارام ابراهیم حسین[٢]**

lana.taib@su.edu.krd aram.hussen@su.edu.krd

[1+2] بەشی کۆمەڵناسی، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی سەرمایەی كۆمەڵایەتی لەسەر تواناداركردنی تاكەكان بۆ پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەكارهاتوە. كۆمەڵگای توێژینەوەكە شاری هەولێرە، كە توێژەران بە شێوازی نمونە وەرگرتنی هەڕەمەكی چینایەتی گونجاو (Stratified Random Sampling) نمونەیەكی (٣٨٤) كەسییان وەرگرتوە. بە مەبەستی كۆكردنەوەی داتا لە نمونەی توێژینەوەكە، پرسیارنامە بەكارهات، كە پێكهاتبو لە ٣ بەشی سەرەكی: ١) زانیارییە گشتییەكان (وەكو ڕەگەز، تەمەن، باری ئابوری)، ٢) پێوەری سەرمایەی كۆمەڵایەتی كە لە سێ ڕەهەندی (بونیادی، پەیوەندی، زانەكی) پێكهاتبو. ٣) پێوەری تواناداركردنی تاک بۆ پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی كە چوار ڕەهەندی (خودكارامەیی، بەشداری كۆمەڵایەتی، دەرونیكردنی بەهاكان، دامەزراوەیی) هەیە. گرنگترین ئەنجامەكانی توێژینەوەكە بریتییبون لەوەی: سەرمایەی كۆمەڵایەتی لە ڕەهەندەكانی بونیادی و پەیوەندی لە ئاستێكی بەرزدان، بەڵام ڕەهەندی زانەكی لە ئاستێكی نزمدا بو، كە نیشانەی كەمبونی هاوچەشنی كۆمەڵایەتییە. تواناداركردنی تاكەكان لە هەر چوار ڕەهەندەكەیدا (خودكارامەیی، بەشداری، دەرونیكردنی بەهاكان، دامەزراوەیی) لە ئاستێكی بەرزدایە. سەبارەت بە گۆڕاوە دیمۆگرافییەكان؛ باری ئابوری كاریگەری بەرچاوی هەبو، بەچەشنێك ئەوانەی ئاستی ئابورییان باش بو بەرزترین ئاستی سەرمایەی كۆمەڵایەتی و تواناداركردنیان هەبو. هەروەها سەبارەت بە كاریگەری گۆڕاوەكان لەسەر یەكتر سەرمایەی كۆمەڵایەتی كاریگەرییەكی ئەرێنی و بەهێزی لەسەر تواناداركردنی تاكەكان هەبو. لەسەر بنەمای ئەنجامەكانی توێژینەوەكە، پێشنیار دەكرێت كە پێویستە حكومەت و ڕێكخراوەكان، پلاندابنێن بۆ بەهێزكردنی سەرمایەی كۆمەڵایەتی، بەتایبەت لە ڕەهەندی زانەكی، ئەمەش لە ڕێگای چالاكییەكانی وەک فێستیڤاڵ و كۆنفرانس. پاڵپشتی لە كەسانی كەم دەرامەت لە ڕێگای یارمەتی دارایی و پرۆژەی دامەزراندنی كار. هەروەها پەرەپێدانی پرۆگرامەكان بۆ هەمو ڕەهەندەكانی سەرمایەی كۆمەڵایەتی (بونیادی، پەیوەندی، زانەكی) بە شێوەیەكی یەكگرتو.

**كلیلە وشەكان:** سەرمایەی كۆمەڵایەتی، تواناداركردن، پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی، شاری هەولێر.

# The Role of Social Capital in Empowering Individuals for Social Development: A Field Study in Erbil

**Lana Kawa Tayeb [1] - Aram Ibrahim Hussein[2]**

**[1+2] Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.**

The aim of the current study is to understand the role of social capital in empowering individuals for social development. In this study, the descriptive method was employed. Erbil city is a research community and stratified random sampling was used to collect a sample of 384 individuals. A questionnaire consisting of three main sections was used to gather data from the study sample: 1) general information (gender, age, and economic status), 2) a social capital measure consisting of three dimensions (structural, communication, and cognitive), and 3) a measure of individual empowerment for social development, which consists of four dimensions (self-efficacy, social participation, internalization of values, and institutionalization). The most important results of the study were: Social capital was high in the structural and communication dimensions, but the cognitive dimension was low, indicating lack of social homogeneity. Individual empowerment is high across all four dimensions (self-efficacy, participation, internalization of social development values, and institutionalization). Regarding demographic variables, economic status had a prominent impact, in a way individuals with good economic standing exhibiting the highest levels of social capital and empowerment. Furthermore, regarding the effect of the variables on each other, social capital had a positive and strong impact on individual empowerment. Based on the results of the study, it is suggested that governments and organizations should plan to strengthen social capital, particularly in the cognitive dimension, which is carried out through activities such as festivals and conferences. Supporting low-income people via financial assistance and job opportunities. Also, developing integrated programs for all dimensions of social capital (structural, communication, and cognitive).

**Keywords**: Social Capital, Empowerment, Social Development, Erbil

## پێشەکی

لە سەردەمی ژیانی مۆدێرن و ئاڵۆزی ئێستادا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەک پاڵپشتییەکی بنەڕەتی بۆ پەرەپێدانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت. سەرمایەی کۆمەڵایەتی، کە بە "تۆڕە پەیوەندییە متمانەبەخشەکان و هاوکاری نێوان تاک و گروپەکان" پێناسەدەکرێت، بەیەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی چالاک و بەرهەمدار دادەنرێت. لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی شاری هەولێر، کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئاینی و نەتەوەی جیاوازی تێدایە، توێژینەوە لە ڕۆڵی ئەم سەرمایەیە لە بواری تواناداركردنی تاک و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی پرسیارێکی زانستی گرنگ و پێویستە. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "ڕۆڵی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە تواناداركردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی" هەوڵدەدات بەشێوەیەکی زانستی ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزە لە نێو دانیشتوانی شاری هەولێر بخاتەڕو.

لە شاری هەولێر، کە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی، تێکەڵەیەکە لە کۆمەڵگایەکی نەریتی هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی شارستانیەتی نوێ، ڕۆڵی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە تواناداركردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی سیستەمی و پێوانەیی نەزانراوە. سەرمایەی کۆمەڵایەتی (وەک پەیوەندی خێزانی، خێڵەکی، هاوبەشانی کاری، و ئەندامێتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان) بەشێوەیەکی فەرمی ناسراوە، کە دەکرێت یارمەتیدەری بەدەستهێنانی سەرچاوەکانی (وەک کار، خوێندن، پشتگیری و زیادکردنی باوەڕبەخۆیی و زانیاری تاک بێت. هەر بۆیە گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە

چەند پرسیارێک دەبینێتەوە؛ یەکەم، ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و تواناداركردنی تاكەكان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی لە شاری هەولێر چەندە؟ ئایا گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەک (تەمەن، ڕەگەز و باری ئابوری) کاریگەری لەسەر گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە هەیە؟ کاریگەری گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە لەسەر یەکتر چەندە؟

گرنگی ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای خستنەڕوی ئەدەبیاتی پێشو لە سەر ئەم بابەتە وەک ئەو توێژینەوانە لەو بوارە کراوە و ئەو تیۆرانەی کە پەیوەندیدار بەم بابەتە، ئەوا ئاماژەدەکات بەو داتا و زانیارییانە کە لە ڕەوشی کۆمەڵگای لێتوێژراوەوە دەست دەکەوێت کە توێژەر هەڵوەستەی لەسەر کردوە، هەروەها بەستنەوەی ڕۆڵی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە تواناداركردنی تاكەكان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی. توێژینەوەکە گرینگترین پێوەرەکان ڕوندەکاتەوە کە پشتیان پێدەبەسترێت بۆ پێوانەکردنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ئەویش بەسودوەرگرتن لە ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی ئەم توێژینەوەیە یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە بەرپرسیارن لە داڕشتنی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی کە ڕەنگدانەوەی لەسەر باشترکردنی داهاتوی تاكەكان هەیە.

**بۆ ئەم مەبەستە توێژەران چەند ئامانجێکیان داناوە کە بریتین لەمانە:**

١. دیاریکردنی ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە (سەرمایەی کۆمەڵایەتی و تواناداركردنی تاكەكان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی) لای نمونەی توێژینەوەکە.

٢. دیاریکردنی ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە (سەرمایەی کۆمەڵایەتی و تواناداركردنی تاكەكان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی) بەگوێرەی گۆڕاوە دێمۆگرافییەکان.

٣. دەستنیشانكردنی کاریگەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەسەر تواناداركردنی تاكەكان.

## ٢. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### ٢. ١ سەرمایەی کۆمەڵایەتی

بەمەستی زیاتر ئاشنابون بەم بابەتە و گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، ئەوا پێویست بە ناساندن و خستنەڕوی چەمکە سەرەکییەکان دەبێت، کە چەند چەمکێک لەخۆدەگرێت. گۆڕاوی سەرەکی یا چەمکی سەرەکی لەم توێژینەوەیە (چەمکی سەرمایەی کۆمەڵایەتییە). سەرمایەی کۆمەڵایەتی (Social capital) لە ماوەی دو دەیەی ڕابردودا چ لەسەر ئاستی تیۆری و ئاستی مەیدانی گرنگییەکی زۆری پێدراوە. گرنگیدان بەم چەمکە و شێوازی پێوانەکردنی لەم ساڵانەی دواییدا زیادیکردوە بەتایبەت لەگەڵ پەسەندكردنی ئەم چەمکە لەلایەن زۆرێک لە حکومەتە نیودەوڵەتییەکان ئەم چەمکە لە ژیانی ڕۆژانەی تاكەكان و کارلێکی نێوان تاكەكان دەردەکەوێت (خلیل،2017: 10). مێژوی فیکری سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩١٦) کاتێک (هانیفان-Lyda J. Hanifan) ڕیفۆرمیستی پەروەردەیی لە ڤێرجنیا ڕۆژئاوا، ئەم چەمکەی بۆ گرنگی جڤاکی خۆجێی لە کارکردنی قوتابخانەدا بەکارهێنا. (هانیفان) بەڕێوەبەری ئەوکاتی قوتابخانەی ڤیرجینیایی ڕۆژئاوا بو، (هانیفان) مەبەستی لە بەکارهێنانی چەمکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، سامان و پارە نییە. بەڵکو نمونەی هاوڕێیەتی، هاوسۆزی و دڵسۆزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان گروپ و خێزان و تاكەكانە کە پێکهێنەری یەکەیەک یا کۆمەڵگایەکن (الدلفي، ٢٠٢١:٢٢).

سەرەڕای بەکارهێنانی ئەم چەمکە لەدوای (هانیفان) بەو شێوەیە ئەم چەمکە نەکەوتوەتە بەرتیشکی توێژینەوەی زانستی تا ئەو کاتەی کۆمەڵناسی فەرەنسی (پیێر بۆردیۆ) یەکێك لەدیارترین کەسایەتییەکانی سەدەی بیستەم کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بوارەکانی کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی کولتوری هەیە، لەساڵی (١٩٧٢) ئەم چەمکەی لە کتێبی (تیۆری کردە) بەکارهێنا و تیۆری خۆی لە بارەی فۆرمە جیاوازە کانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی خستەڕو (ئیروانی، 2020:

33). (بۆردیۆ) کۆمەڵناسی فەرەنسی (بۆردیۆ ) گرنگی بەگۆڕینی فۆرمە جیاوازەکانی سەرمایە و چۆنیەتی گواستنەوەی ئەم فۆرمانە لەئابورییەوە بۆ کولتوری و کۆمەڵایەتیدا (خليل، 2017: 52 ). سەرمایەی کۆمەڵایەتی ئامرازێکی کۆنترۆڵکردنە کە (بۆردیۆ) باس لەسێ جۆر سەرمایە دەکات ئەوانیش (سەرمایەی ڕۆشنبیری، سەرمایەی ئابوری، سەرمایەی کۆمەڵایەتی) سەرمایەی ڕۆشنبیری لە ڕێگەی بە کۆمەڵایەتیبون وەک زمان و ئەخلاقەوە بەدەستدەهێنرێت، سەرمایەی ئابوری سەرچاوە ئابوری و داراییەکان دەگرێتەوە (بۆردیۆ) هەروەها سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر دەگۆڕدرێت بۆ نمونە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە بۆ بەدەستهێنانی موچەی بەرز بەکاردەهێنرێت لە کار، سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت بۆ سەرمایەی ئابوری. ئەو پێیوایە سەرمایە بە هەمو جۆرەکانییەوە گرنگە و تەواوکەری یەکترن، چونکە ڕێکخستنی بەهاکانی کۆمەڵگا لە بوارێک بۆ بوارێکی تر لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێت (ابراهيم، ٢٠٠١:٣١٩). هەر بۆیە (بۆردیۆ) پێناسەی ئەم چەمکەی بەم شێوەیە کردوە "سەرمایەی کۆمەڵایەتی تێکڕای ئەو سەرچاوە ڕاستەقینە و ئەگەرییانەیە، کە بەرهەمی ڕایەڵەیەکی پتەوە لە میانی پەیوەندی و کارلێکی تا ڕادەیەک جێگیرکراو لە نێوان تاکەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاشنابون، یەکترناسین و ئاسانکاری لە گەیشتن بە ئامانجەکان (انور و زێباری،2023: 35).

(جێیمس کۆڵمەن) (James Coleman)کۆمەڵناسێکی دیکەیە کە بە تێگەیشتنێکی وەزیفی برەوی زیاتری بە تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی دا. (کۆڵمەن) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە بونیادی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستە دەبێت. لە تێڕوانینی کۆڵمەن سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت، کە بریتیین لە: پابەندی و چاوەڕوانییەکان، کەناڵەکانی زانیاری، نۆرم و سزاکان. سەبارەت بە پێکهێنەری یەکەم، بەشداری تاکەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، پابەندی و چاوەڕوانی هاوبەش دروستدەکات. لە پێکهێنەری دوەمدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە ڕێگایەك بۆ گواستنەوەی زانیاری. لەو نێوەندەدا بۆ بەردەوامبونیان پێویستیان بە سیستەمێك هەیە بۆ سزادانی ئەو کەسانەی کە ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتی دەنوێنن (Coleman, 1988: 95-120). کۆڵمان دەڵێت سەرمایەی کۆمەڵایەتی ئەو سەرچاوەیەیە کەلە پەیوەندییە خزمایەتییەکاندا و لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینرێت و پاڵپشتی گەشەسەندنی مەعریفی و کۆمەڵایەتی تاك دەکەن. (کۆڵمان) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە جۆری ئەرکەکەی دیاریدەکرێن، بەو مانایەی کە یەك بون نییە، بەڵکو کۆمەڵێك بونی هەمەچەشنن (Hauberer, 2011 : 39-40). کۆڵمان پێیوایە سەرمایەی کۆمەڵایەتی وەکو پردێك لە نێوان سەرچاوەی تاکەکەسی و کۆمەڵەکاندا کاردەکات واتە سەرچاوەی سەرمایەی تاکەکە لەسەر سەرچاوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بنیاتنراوە Field, (2003 :23-24) .

هەروەها (فرانسیس فۆکۆیاما،Francis Fukuyama) سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە پێناسە کردوە، کە بریتییە لە: کۆمەڵێک بەها و پێوەری نافەرمی و هاوبەش لە نێوان ئەندامانی گروپێکی دیاریکراودا، کە دەرفەتی هاوکاری و هەماهەنگییان بۆ دەڕەخسێنێت لەگەڵ یەکتریدا، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەندامبونیان لە هەمان خێزان، بنەماڵە، نەتەوە و ئاینی جیاواز. متمانە یەکێکە لە گرنگترین بەهاکان کە ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگی هەیە لە بەرزکردنەوەی کارایی گروپ یان ڕێکخراوەکەدا (غمشي، 15:2018).

لە دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردودا، (ڕۆبێرت پاتنام) زانایی سیاسی و پرۆفیسۆر لە  زانکۆی هارڤارد، بایەخێکی گرنگی بەتیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا. گرنگترین کتێبەکانی بریتییە لە بەشداری مەدەنی و سەرمایەی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی (السورجي ، 2009: 13) . تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە یەکێک لە ڕەوتە تیۆرییە مۆدێرن و بنەڕەتییەکان

دادەنێت، بەتایبەت دوای ئەوەی کتێبێکی بۆ توێژینەوەکردن لە ڕەوتە هەمەلایەنەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا تەرخانکرد (Greenet,2003 :9-10)

لە ڕوانگەی (پوتنام) سەرمایەی کۆمەڵایەتی ئاماژە یە بۆ تایبەتمەندییەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی وەکو متمانە، ڕێسا و تۆڕەکانی پەیوەندی کە دەتوانن کارایی کۆمەڵگا باشتر بکەن، بە ئاسانکاری و هەماهەنگی کردارەکان. (پۆتنام) دەڵێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنانی تاک و گروپەکان هەیە (Field , 2003 : 31-3).

لە میانی ئەوەی کە خرایەڕو مەبەست لە چەمکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە تۆڕی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان کە یارمەتیدەرە لە باشتر ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

## ٢.٢ **توانادارکردن – Empowerment**

توانادارکردن بریتییە لە باشترکردنی توانا و تواناکانی تاك و گروپ بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان. گرینگترین ئامرازەکانی توانادارکردن بریتییە لە ڕەهەندی بەشداری کۆمەڵایەتی و ڕەهەندی بەرپرسیارێتی و ڕەهەندی پشت بەخۆبەستن. بەتایبەتی توانادارکردنی گەنجان و کارکردن لەسەر پەرەپێدانی توانا کەسییەکانی تاك و گروپەکان بۆ ئەوەی بتوانن بە تەنیا و بە کەمترین توانای بەردەستیان ڕوبەڕوی کێشەکانیان ببنەوە . توانادارکردن پەیوەستە بە چوارچێوەی ڕۆشنبیری و بەها و سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا. توانادارکردن یە کێکە لە ئامانجەکانی گرنگیدان و دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ. توانادارکردن بریتییە لە ئازادی و داهێنان، ئامرازێك بۆ دادپەروەری و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و زیادکردنی متمانە (سلطان، 2019: 26).

(براون و هارڤی) ڕایانگەیاندوە کە توانادارکردن بریتییە لە پرۆسەی پێدانی دەسەڵات بە کارمەندان بۆ بڕیاردان لەسەر کارەکانیان بە ئامانجی دەرخستنی وزە شاراوەکانی تاکەکان و بەشداریکردنیان لە پرۆسەکانی بنیاتنانی ڕێکخراوەکەدا، بەوپێیەی سەرکەوتنی ڕێکخراوەکان پەیوەستە بە کارمەندان لەگەڵ دیدگای ڕێکخراوەکە و ئامانجە درێژخایەنەکان (علوي، ٢٠٢٠، ١٥). توانادارکردن پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە پەیوەندی بە دروستکردنی شارەزایی و توانای ماددی و تەکنیکییەوە هەیە جگەلە دروستکردنی متمانە، بوێری بڕیاردان و بۆچون لەخۆدەگرێت (سعدون،٢٠٢٢:٦٤). توانادارکردن لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیدا بریتییە لە پرۆسەی بەهێزکردن و پاڵپشتیکردنی لایەنە کەسێتی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و ڕامیارییەکان بۆ تاک و گروپ و خێزانەکانە، وێڕای کارتێکردنی بەرە و باشترکردنی ڕەوش و بارودۆخیان (نیازی، ١٤٠:٢٠٢٢).

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە توانادارکردن پرۆسەیەکە بۆ پاڵپشتیکردنی لایەنی کەسێتی، کۆمەڵایەتی و ئابوری بۆ تاک، گروپ، خێزانەکان و ڕێکخراوەکان. هەروەها باشترکردنی ڕەوش و بارودۆخی تاکەکان و پاڵپشتیکردنی توانای تاکەکان ئەمەش وا دەکات متمانەیان زیاتر بێت و ئاستی سەربەخۆیی و دڵسۆزی زیاددەکات بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی.

## ٣.٢ **پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی Social development**

پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی وەکو میتۆد و ڕێبازێك وایە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا بۆ بەرنامەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و پاڵپشتیکردنی گەشەسەندنی ئابوری، لە وڵاتانی تازە پێگەیشتو یان وڵاتانی جیهانی سێیەم کە نکۆڵی لەوە ناکەن، کە ڕێبازێکی زانستییە، (خاطر، 2002، 22). هەر بۆیە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتو سەرنج و پشتیوانی نەتەوە یەکگرتوەکان وەردەگرن کە تێیدا ئاماژە بە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی دەکات وەک بزوتنەوەیەک کە دارێژراوە بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر بۆ کۆمەڵگا، بەگشتی لە ڕێگەی بەشداریکردنی کاریگەرانی کۆمەڵگا ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار

بەشێوەیەكی پراكتیكی لەساڵی (1950) توێژینەوەی لەسەر كرا. نەتەوە یەكگرتوەكان لەو كاتە بەدواوە بەردەوام بو لەچالاكییەكانیان لەو بوارەدا و دابینكردنی كەسانی پسپۆر لەو بواراندا بۆ وڵاتانی تازە پێگەشتو بەمەبەستی پەروەردەیەكی باشتر و شوێنی نیشتەجێبونی باشتر و گونجاوتر و دەستبەركردنی ئامرازەی پەیوەندی و گواستنەوە، ئەمەش لە ڕێگای سمینار، ڕێكخستنی كۆنفراس، بڵاوكردنەوەی توێژینەوە، كە ئەمانە كاریگەرییان هەبوە لە سەر پلان و نەخشەی كۆمەڵگا ناوخۆییەكان لە ڕێگەی پەروەردەكردنی خەڵكی ئەم كۆمەڵگایانە و پەرەپێدانی تواناكانیان بۆ ئاراستەكردنی گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی، ئابوری و دابینكردنی تاكی كارامە (حسین، 2010: ٣٠).

پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی ئامانجی هێنانەدی گۆڕانكاری كۆمەڵایەتییە لە ڕێگای باشتركردنی بارودۆخی ژیانی هاووڵاتییان و دابینكردنی بەرنامەی چاودێری زیاتر لە ڕێگەی هەوڵی بنیاتنەر، لەگەڵ شێوازی گەشەسەندنی ئابوری لە كۆمەڵگادا و دانانی پلان و بەرنامە بەئامانجی گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی ئەرێنی لەكۆمەڵگادا (العمری2016:٢). ئەم چەمكە لەلای (ڕیچارد وارد) بریتییە لە میتۆدێكی زانستی و واقیعی بۆ دیاریكردن و ئاراستەكردنی گەشەی كۆمەڵگا لە لایەنە جیاجیاكاندا لەگەڵ جەختكردن لەسەر بوارە مرۆییەكەی ئەمەش لە پێناو بەدیهێنانی یەكانگیریی و یەكتر تەواوكردن لە نێوان پێكهاتەكانی كۆمەڵگادا (علی، ٢٠١٦: ٣٠). هەروەها پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی ئامانجی باشتركردنی بژێوی دانیشتوانە لە بواری پەروەردەیی و فێركردن و تەندروستی و نەهێشتنی نەخوێندەواری و بایەخدان بە ژیانكردن و خۆپێگەیاندن و شیاندنە پیشەییەكان (حمداويي،٢٠١٧: ٧)، هەروەها كۆمەڵناسی بەریتانی (هۆبهاوس) جەخت لەوە دەكاتەوە كە پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی برتییە لە پێشكەوتنی مرۆڤەكان لە ڕوی پەیوەندییە هاوبەشەكانیان، ئەمەش بە سازان و هاوكۆكی بون لەپەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان ناوزەدكردوە، چونكە گۆڕانی بونیادی كۆمەڵایەتی شتێكی وەها ناهێنە ئاراوە، ئەگەر گۆڕانكارییەكی ئەوتۆ لەسروشتی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا ڕونەدات، لەبەر ئەمە دیدی پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی بریتییە لە پەرەپێدانی پەیوەندییە ئاڵوگۆڕكراوەكان لە نێوان مرۆڤەكان (أحمد، ٢٠٢٣: ٣٥).

لەم توێژینەوەیەش مەبەست لە تواناداركردنی تاكەكان بۆ پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی بریتییە لە كۆمەڵێك كارامەیی تاكەكەسی و كۆمەڵایەتی كە ئەو توانایە بە تاك دەبەخشێت بەشێوەی وشیارانە و كاریگەر لە پرۆسەی پەرەپێدانی كۆمەڵایەتیدا بەشداری بكات كە ڕەهەندەكانی (خودكارایی، بەشداری كۆمەڵایەتی، دەرونیكردنی بەهاكانی پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی) دەگرێتەوە.

### ٢. ٤ توێژینەوەكانی پێشو:

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا هەوڵیانداوە، ئەو توێژینەوانە بخەنەڕو كە لە ناونیشانی توێژینەوە نزیكن، یا خود یەكێك لە گۆڕاوەكانی هاوشێوەی گۆڕاوێكی ئەم توێژینەوەیەن، ئەمەش بە ئامانجی سودوەرگرتن و بەراورد كردنی ئەنجامی توێژینەوەكانی پێشو بە ئەنجامەكانی ئەم توێژینەوەیە.

١. توێژینەوەی (ئارام ابراهیم حسین، ٢٠١٠) بە ناونیشانی (دور التخطيط في التنمية الاجتماعية) (ڕۆڵی پلان لە پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی) كۆمەڵگای توێژینەوەكە پێكهاتوە لە هەرێمی كوردستان- عێراق. شێوازی نمونە وەرگرتنی توێژینەوەكە مەبەستدار بوە و بە ئاراستەی چەندایەتی بە ڕێگای ڕوپێوی كۆمەڵایەتی و میتۆدی بەراوردكاری ئەنجامدراوە. ئامانجی سەرەكی توێژینەوەكە زانینی پەیوەندی نێوان پلاندانان و پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی لە هەرێمی كوردستان. لە گرنگترین ئەنجامەكانی توێژینەوەكە دەردەكەوێت كە ئاستەنگ لە بەردەم پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی هەیە لە باسنەكردنی پرۆژەكانی پەرەپێدان لە پەرلەمان و نەبونی بودجەی تەرخانكراو بۆ كەرتە ئابورییەكان وەك كشتوكاڵ، پیشەسازی، خزمەتگوزارییەكان، لەبەرئەوەی هەر ناهاوسەنگییەک لەم كەرتاندا ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر پەرەپێدان

دەبێت. لە بواری خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکاندا پێشکەوتنی گەورە و ئەرێنی لە هەمو لایەنەک هەبوە وەك (پرد-ڕێگاوبان-فرۆکەخانە-ئاو-کارەبا-گواستنەوە-پەیوەندییەکان). دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی گەشەسەندنی گەورەیان هەبوە لە ڕێگاکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیدا.

٢. توێژینەوەی (لەشکر عەلی ئەکبەر هدایەت، فەرهاد دانش نیانم و سیاوەش قلی پور ٢٠٢١) بە ناونیشانی (نەبونی سەرمایە ی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی شار، بەنمونە شاری هەولێر (٢٠٠٣) بەولاوە) توێژینەوەکە بە ئاڕاستەی چەندایەتی ئەنجامدراوە و کۆمەڵگای توێژینەوەکە شاری هەولێر بوە بە وەرگرتنی نمونەیەکی (٣٨٤) کەسی بە شێوەی هەڕەمەکی هێشویی. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە چ پەیوەندییەک لە نێوان سەرمایەی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی شاری هەولێر هەیە؟ گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتوە نەبونی یان کەمی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای هاووڵاتیان بەتایبەت متمانەی کۆمەڵایەتی وەک یەکێک لە ڕەهەندە گرنگە کانی سەرمایی کۆمەڵایەتی بەرامبەر دامودەزگا حکومییەکان هۆکارێکی بەرچاوە لە پەرەنەسەندنی شاری هەولێر، هەروەها بەشدارینەکردن یان بەشدارییپێنەکردنی هاووڵاتیان لە پرۆژەکانی پەرەپێدانی شار بەهۆی نەبونی پێوەرەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی وەک متمانە و یەکگرتویی کۆمەڵایەتی کاریگەری بەرچاوی هەیە لە پەرەنەسەندنی شار، بەگشتی سەرمایەی کۆمەڵایەتی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەرەپێدانی شاری هەولێر هەیە، هەروەها نەبونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی هاووڵاتیان بە یەکێک لە بەربەستەکانی پەرەنەسەندنی شاری هەولێر دادەندرێت.

٣. توێژینەوەی (میسرة محمود الکغارنة، ٢٠١٥) بەناونیشانی (دور الجمعيات الاهلية في بناء رأس المال الاجتماعي في دولة فلسطين) (ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بنیاتنانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە دەوڵەتی فەلەستین) ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە کە پێداچونەوەیەکی گشتگیرە بە ئەدەبیاتی سەبارەت بە ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە دروستکردنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، شیکردنەوە و پێوانەکردنی کاریگەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە فەلەستین و ڕۆڵیان لە بنیاتنانی سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا، زانینی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گەیشتن بە گەشەپێدانی جێندەری لەکاتی پرۆسەی بنیاتنانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی. کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتوە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کەرتی غەزە. میتۆدی توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفی بەکارهاتوە، قەبارەی نمونەکە (٧٨٦) تاك پێکهاتوە.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

ڕونکردنەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر مەیلی خەڵکە بۆ بەها و دابونەریت و هاوبەش و هاوکاری نێوانیان بۆ بەرزکردنەوەی بەشداری مەدەنی، بەمشێوەیە دادپەروەری کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، وەک کەمکردنەوەی گەندەڵی. هەروەها سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەشدارییەکی بەرچاو دەکات لە گرنگیدان بە ڕەهەندی کۆمەڵگای هاوبەش و بەشداریکردنی گروپە کۆمەڵایەتییەکان دانانی ئەولەیەتەکان و بەدواداچون بۆ جێبەجێکردنیان، بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری یەکلاییکەرەوە بۆ سەرکەوتنی بەرنامەی ڕێکخراوەیی. سەرمایەی کۆمەڵایەتی ڕێگە بە بەرپرسانی دامەزراوە ئابورییەکان دەدات بزانن چی دەکرێت بە مەبەستی هاندانی پەیوەندی کاریگەر لەنێوان فەرمانبەران بۆ زیادکردنی متمانە لە نێوانیاندا بۆ ئەوەی لە ڕوی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوبن.

٤. توێژینەوەی (بەسیدە حیدر أنور، ٢٠٢٤) بە ناونیشانی (سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندی پیشەیی لەلای مامۆستایانی زانکۆ) کۆمەڵگای توێژینەوە پێکهاتوە لە مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکانی سنوری شاری هەولێر، کە توێژەر بە ڕێگای نمونەی هەڕەمەکی (٣٤٠) مامۆستای وەک نمونەی توێژینەوەکە وەرگرتوە. سەرەکیترین ئامانجی توێژینەوەکە

بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندی پیشەی و زانینی ئاستی گۆڕاوەکانی توێژینەکە لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە. گرنگترین ئەنجامەکان بریتییبون لەوەی ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی کە زیاتر خۆی دەبینێتەوە لە متمانەی نێوان تاکەکان، هاوکاری، پابەندی، چاوەڕوانی تاکەکان بەرامبەر یەکتر و گرنگیدان بە بەهاو نۆرمە باڵاکان، لای مامۆستایانی زانکۆ بەرزە. هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی تۆڕی پەیوەندییەکان و گروپەکانی کار لای مامۆستایانی ڕەگەزی مێ زیاترە، کە ئەوەش دەردەخات ڕەگەزی مێ زیاتر حەز بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاوپیشەکانیان دەکەن، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر تێڕوانینی ئەوان لەسەر پیشەکەیان بە ئاراستەی باشتر ئەنجامدانی ئەرکەکانیان. لەنێوان مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکان شاری هەولێر ئاستێکی بەرزی ڕەزامەندبون بەدیدەکرێت جگە لە ڕەهەندی خزمەتگوزاری و ماددی لە پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان لەگەڵ یەکتر، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەوان توانیویانە سود لە ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی وەک (متمانە، هاوکاری پەیوەندی نافەرمی نێوان گروپەکان و بەهاو نۆرمە باڵاکانی) وەربگرن.

**تاوتوێ کردنی توێژینەوەکە:**

ئامانج لە خستنەڕوی توێژینەوەکانی پێشو، سودوەرگرتنە لەڕوی تیۆری و مەیدانییەوە، هەروەها بە ئامانجی سودگەیاندن بە توێژینەوەکە لە میانی بەراوردکردنی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکانی پێشو پێگەیشتون. سەرجەم توێژینەوەکانی ئاماژەپێدراو لەم توێژینەوە بە ئاڕاستەی چەندایەتی و بە میتۆدی وەسفی ئەنجام دراون، جگە لە توێژینەوەکەی (ئارام ابراهیم حسین، ٢٠١٠)، کە میتۆدی بەراوردکاریشی بەکارهێناوە. لە توێژینەوەکەی (لەشکر و ئەوانیتر ٢٠٢١) ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی کەم بوە، کە سەرجەم چین و توێژینەوەکانی کۆمەڵگای وەرگرتوە. بەڵام لە توێژینەوەکەی (بەسیدە، ٢٠٢٢) ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەکە، کە مامۆستایانی زانکۆن بەرزە، ئەمەش دەتوانی بۆ ئاستی بژێوی و ژیانی پیشەیی ئەوان بگەڕێنینەوە کە ئاستێکی بەرزتریان هەیە بەبەراورد لە گەڵ توێژەکانی دیکە. لە توێژینەوەکەی (ئارام، ٢٠١٠) دەرکەوتوە کە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆژەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە بەتایبەتی لە لایەن ناوەندە فەرمییەکان. هەروەها لە توێژینەوەکەی (میسرە، ٢٠١٥) دەرکەوتوە کە ڕێکخراوە مەدەنییەکان کاریگەرییان لەسەر سەرمایەی کۆمەڵایەتی هەیە. هەر بۆیە دەمانەوێت بزانین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە چۆن دەبێت.

**٣. چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە:**

**٣. ١ میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بە ئاڕاستەی چەندایەتی (Quantitative Approach) ئەنجامدراوە، (کرێسوێل، ٢٠٠٣) پێیوایە ئەم ئاڕاستەیە پارێزگاری لە پارادایمی ئەزمونگەری دەکات، واتە توێژینەوەکە سەربەخۆ دەبێت لە توێژەر بەهۆی بەکارهێنانی داتا و ئامار بۆ پێوانەکردنی بابەتێکی واقیعی، ئەمەش وادەکات توێژەر بە بێلایەنی بمێنێتەوە (Mahmood and Anwar,2024: 64). هەر بۆیە میتۆدی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی پەسنی پەیوەندی بە ڕێگەی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بە نمونە، کە تێیدا ئامار و داتاکان لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە کۆدەکرێتەوە و بە شێوەی خشتە و وێنە دەخرێتەڕو. بە ئامانجی ئەوەی واقیعی پەیوەندی و جیاوازی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە بخاتەڕو.

**٣. ٢ کۆمەڵگای توێژینەوەکە:** کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە گەنجانی شاری هەولێر کە گەنجانی خاوەن کاری ئازاد و گەنجانی قوتابی و گەنجانی بێکار و گەنجانی کارمەندی کەرتی گشتی و گەنجانی کارمەندی کەرتی تایبەت دەگرێتەوە. بە هۆی شوێنی نیشتەجێبونی توێژەران و هەستکردن بە دۆخەکە و هەروەها لەبەر ئەوەی شاری هەولێر وەک پایتەخت

و ناوەندی بڕیاری سیاسی هەرێمی کوردستان، زۆرترین وەزارەت و دامەزراوە گرنگەکانی تێدایە لەو ساڵانەی ڕابردودا پەرەپێدان و گۆڕانکاری و نوێبونەوەی زۆری بەخۆوە بینیوە لە بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری و کولتوریدا. جگە لەمانە شارێکی هەمەڕەنگ و چین و توێژی جۆراوجۆری تێدایە.

**٣. ٣ نمونەی توێژینەوەکە:** مەبەست لە نمونەی توێژینەوەکە هەمو ئەو یەکانەیە کە بابەتی توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە و هەڵبژێردراون بەگوێرەی بنەمای زانستی و لۆژیکی بۆ ئەوەی نمونەی لێکچو و هاوشێوەی کۆمەڵگا وەربگیرێت، کە نوێنەری ڕاستەقینەی کۆمەڵگا بێت (دشلي، 2016: 130). لەم توێژینەوەیە (384) کەس بە نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراون لە گەنجانی کارمەندی کەرتی گشتی و تایبەت، گەنجانی خاوەن کار و گەنجانی بێکار و گەنجانی قوتابی. بۆ ئەوەی ئەم نمونەیە نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوەکە بکات لە ڕوی (تەمەن، ڕەگەز، پیشە، باری ئابوری، ئاستی خوێندەواری) بۆ نوێنەرایەتی کردنێکی ورد پشتمان بەستوە بە نمونەی هەڕەمەکی چینایەتی گونجاو ( Proportional stratified Randon Sample). مەبەست لە گونجاو بە مانای ژمارەی هەڵبژاردنی یەکەی نمونەی توێژینەوە لە هەر بوارێکدا، پێویستە بگونجێت لەگەڵ قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی، بۆ نوێنەرایەتیکردنی لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە (قنديلجي، 2009: 262).

**یەکەم**: زانیارییە تاکە کەسییەکان یا تایبەتمەندییە دێمۆگرافییەکانی وەک (ڕەگەز، تەمەن و ئاستی خوێندەواری) کە لە خشتە (١) خوارەوە دەخرێتەڕو.

خشتەی (١): زانیارییە تاکە کەسییەکانی نمونەی توێژینەوەکە نیشاندەدات

| گۆڕاوی دێمۆگرافیك | | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 188 | 49.0 |
| | مێ | 196 | 51.0 |
| | کۆی گشتی | 384 | 100.0 |
| تەمەن | 18 . 21 ساڵ | 106 | 27.6 |
| | 22 . 25 ساڵ | 94 | 24.5 |
| | 26 . 29 ساڵ | 70 | 18.2 |
| | 30 . 34 ساڵ | 114 | 29.7 |
| | کۆی گشتی | 384 | 100.0 |
| ئاستی خوێندەواری | ئامادەی و کەمتر | 93 | 24.2 |
| | پەیمانگە | 121 | 31.5 |
| | زانکۆ | 119 | 31.0 |
| | خوێندنی باڵ | 51 | 13.3 |
| | کۆی گشتی | 384 | 100.0 |

دوەم: زانیارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (باری کۆمەڵایەتی، پیشە، شوێنی لەدایکبون و باری ئابوری) نمونەی توێژینەوەکە لە خشتەی (٢) دەخرێتەڕو:

خشتەی (٢): زانیارییە کۆمەڵایەتییەکان نمونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات

| گۆڕاوی دێمۆگرافیك | | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 208 | 54.2 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | خێزاندار | 176 | 45.8 |
| | کۆی گشتی | 384 | 100.0 |
| پیشە | قوتابی | 86 | 22.4 |
| | کارمەند | 69 | 18.0 |
| | کاری ئازاد | 87 | 22.6 |
| | بێکار | 74 | 19.3 |
| | کارمەندی کەرتی تایبەت | 68 | 17.7 |
| | کۆی گشتی | 384 | 100.0 |
| شوێنی لەدایکبون | سەنتەری پارێزگا | 251 | 65.4 |
| | دەرەوەی سەنتەری پارێزگا | 133 | 34.6 |
| | کۆی گشتی | 384 | 100.0 |
| باری ئابوری | باش | 160 | 41.6 |
| | مامناوەند | 180 | 46.9 |
| | خراپ | 44 | 11.5 |
| | کۆی گشتی | 384 | 100.0 |

**٤. ئامراز و کەرەستە ئامارییە بەکارهاتوەکانی توێژینەوەکە**

**٤. ١ شیکردنەوەی فاکتەری فاکتەری پشتڕاستکراوە(conformity factor analysis – CFA)**

بە مەبەستی دڵنیابون لەوەی کە هەر یەك لەو بڕگانەی کە بۆ پێوانەکردنی هەر گۆڕاوێك دەست نیشانکراون باری ئامارىی پێویستی لەسەر گۆڕاوەکەی هەیە و دەتوانێت پێوانەی بەشێك لەو گۆڕاوە بکات ، شیکردنەوەی فاکتەری پشتڕاستکراوە (conformity factor analysis – CFA) بەکارهێنرا. بۆ ئەم مەبەستە بڕگەکانمان بە گوێرەی لایەنی تیۆری لە نێو پرۆگرامی ئامۆس (AMOS) جێگیرکرد و پێوەرەکانی "گونجاوبونی فیت" (Goodness- of- Fit) لەسەر مۆدیلەکەیان جێبەجێکرد و لە هەر یەك لە پێوەرەو ڕەهەندەکاندا ئەو بڕگانەی کە باری ئاماری پێویستیان لەسەر ڕەهەندەکەی خۆیان نەبو (بڕوانەی خشتەی ٣) خرانەوە کە بەم شێوەیە بون:

١. لە پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی: بڕگەی (١) لە ڕەهەندی بونیادی ، بڕگەکانی (٢، ٣، ٦) لە ڕەهەندی پەیوەندیی و بڕگەکانی (٦ و ٨) لە ڕەهەندی زانەکی.

٢. لە پێوەری تواناداركردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی؛ بڕگەکانی (١، ٤، ٥) لە ڕەهەندی خودکارامەیی، بڕگەی (١) لە ڕەهەندی بەشداری کۆمەڵایەتی، بڕگەی (٦) لە ڕەهەندی دەرونیکردنی بەهاكان و هەرروەها بڕگەی (٦) لە ڕەهەندی دامەزراوەیی.

بەم شێوەیە دوای سڕینەوەی ئەو بڕگانەی کە باری ئاماری پێویستیان نەبو وەکو لە خشتەی (٣) دەردەکەوێت، (CFI=0.955>0.90) (RMSEA=0.031<0.08) و (CMIN=1.376<3) و (PNFI=0.770>0.60) و (PCFI=0.861>0.60)، کە ئەمەش نیشان دادەدات پێوەرەکان بە گوێرەی چوارچێوەی تیۆری مەرجەکانی گونجاوبونی بەدەستهێناوەو ئەتوانین پشت بە ئەنجامەکانی ببەستین.

خشتەی (٣): نیشاندەرەکانی گونجاوبونی مۆدیلەکە نیشان دەدات

| Fitting indexes | RMSEA | CMIN/DF | PNFI | AGFI | PCFI | IFI | CFI |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Cut value | ≤0.08 | ≤3 | ≥0.60 | ≥0.80 | ≥0.60 | ≥0.90 | ≥0.9 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| The model | 0.031 | 1.376 | 0.770 | 0.872 | 0.861 | 0.955 | 0.954 |

### ٤. ٢ ڕاستیەتی و جێگیری پێوەرەکان (Validity and Reliability)

توێژەران بۆ پێوانە کردنی هەر گۆڕاوێک پێوەرێکیان داناوە، بە سـود وەرگرتن لە سـەرچاوەی جیاواز ، وەک تیۆرەکان و توێژینەوەکانی پێشـو. دواتر بە مەبەسـتی دڵنیابونەوە لە ڕاسـتیەتی و جێگیری پێوەرەکانی سـەرمایەی کۆمەڵایەتی و توانادارکردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی، تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانمان لەسـەر پێوەرەکان جێبەجێکرد کە هەنگاوەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بو:

- **پێوەری یەکەم سەرمایەی کۆمەڵایەتی**

### ١. ڕاستیەتی روکەش (Face Validity)

بە مەبەسـتی دەرهێنانی ڕاسـتیەتی ڕوکەش، پێوەرەکە ئاراسـتەی نۆ پسـپۆری خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا کرا، تاکو لەژێر ڕۆشنایی پێناسـەی گۆڕاوەکەدا، تاوتوێ بڕگەکان بکەن و بڕیار بدەن کە ئایا بڕگەکە، گونجاوە، نەگونجاوە یان پێویستی بە گۆڕانکارییە؟ پاش وەرگرتنەوەی ئەنجامەکان دەرکەوت، لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی شارەزایان، بڕگەی (٢١) سڕایەوە. بە درەکردنی ئەم بڕگەیە ڕێژەی ڕاسـتیەتییەکەی بریتی بو (91.01%) کە بە ئاسـتێکی بەرزی جێگیری پێوەرەکە لە ڕێگا ڕاستیەتی ڕوکەشەوە ئەژمار دەکرێت.

### ٢. ڕاستیەتی بونیادی:

بە مەبەسـتی تاوتوێ کردنی ڕاسـتیەتی بونیادی پێوەری سـەرمایەی کۆمەڵایەتی پەیوەسـتی بڕگەکانمان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەیان دەرهێنا کە وەکو لە خشـتەی (٤) دەردەکەوێت؛ لە هەمو ڕەهەندەکانی سـەرمایەی کۆمەڵایەتیدا (بونیادی، پەیوەندیی و زانەکی) بڕگەکان لە نێوان (0.601 بۆ 0.740) پەیوەسـتی بەڵگەداری (P-Value<0.01) لەگەڵ کۆی ڕەهەندەکەیان هەیە، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە هەمو بڕگەکان ڕاستیەتی بونیادییان تێدایە.

خشتەی (٤): پەیوەستی بڕگەکانی پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕەهەندەکەیان نیشان دەدات

| ڕەهەند پێوەرەکە | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بونیادی | 1 | $0.671^{**}$ | 3 | $0.617^{**}$ | 5 | $0.683^{**}$ |
| | 2 | $0.669^{**}$ | 4 | $0.639^{**}$ | 6 | $0.669^{**}$ |
| پەیوەندیی | 1 | $0.740^{**}$ | 3 | $0.631^{**}$ | 5 | $0.714^{**}$ |
| | 2 | $0.695^{**}$ | 4 | $0.647^{**}$ | | |
| زانەکی | 1 | $0.617^{**}$ | 3 | $0.655^{**}$ | 5 | $0.690^{**}$ |
| | 2 | $0.628^{**}$ | 4 | $0.664^{**}$ | 9 | $0.601^{**}$ |

* P-Value<0.05 ** P-Value<0.01

جێگیری پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی

بە مەبەسـتی دەرهێنانی جێگیری بە ڕێگای چۆنیەکی نێوخۆیی، سـودمان لە هاوکۆلکەی ئەڵفای کرۆنباخ وەرگرت. وەکو لە خشـتەی (٥) دەردەکەوێت؛ بەهای ئەڵفای کرۆنباخی ڕەهەندی بونیادی بریتییە لە (0.743)، ڕەهەندی پەیوەندیی (0.714) و ڕەهەندی زانەکی بریتییە لە (0.716) کە بە ئاسـتێکی گونجاو لە جێگیری ئەژمار دەکرێت. بەم پێیە بەو ئەنجامە دەگەین کە پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتیمان خاوەنی جێگیرییە بە ڕێگای چۆنیەکی نێوخۆییە.

خشتەی (٥): جێگیری بە ڕێگای چۆنیەکی نێوخۆیی پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات

| ڕەهەند | بەهای ئەلفای کرۆنباخ | ژمارەی بڕگەکان | بڕگەی سڕاوە |
|---|---|---|---|
| بونیادی | 0.743 | 6 | - |
| پەیوەندیی | 0.714 | 5 | - |
| زانەکی | 0.716 | 6 | - |

پێوەری دوەم: تواناداركردنی تاكەكان بۆ پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی

**١. ڕاستیەتی ڕوکەش (Face Validity)**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستیەتی ڕوکەش، پێوەرەکە ئاراستە نۆ پسپۆری خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا کرا، تاکو لەژێر ڕۆشنایی پێناسەی گۆڕاوەکەدا، تاوتوێ بڕگەکان بکەن و بڕیار بدەن کە ئایا بڕگەکە، گونجاوە، نەگونجاوە یان پێویستی بە گۆڕانکارییە؟ پاش وەرگرتنەوەی ئەنجامەکان دەرکەوت، پێوەرەکەمان بە ڕێژەی (93.43%) ڕاستیەتی تێدایە کە بە ئاستێکی بەرزی جێگیری پێوەرەکە لە ڕێگا ڕاستیەتی ڕوکەشەوە ئەژمار دەکرێت.

٢. ڕاستیەتی بونیادی:

بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ڕاستیەتی بونیادی پێوەری تواناداركردنی تاكەكان بۆ پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی پەیوەستی بڕگەکانمان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەیان دەرهێنا کە وەکو لە خشتەی (٦) دەردەکەوێت؛ لە هەمو ڕەهەندەکاندا (خودكارامەیی، بەشداری كۆمەڵایەتی، دەرونیكردنی بەهاكان و دامەزراوەیی) بڕگەکان لە نێوان (0.600 بۆ 0.817) پەیوەستی بەڵگەداری (P-Value<0.01) لەگەڵ کۆی ڕەهەندەکەیان هەیە، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە هەمو بڕگەکانی ئەم پێوەرە ڕاستیەتی بونیادییان تێدایە.

خشتەی (٦): پەیوەستی بڕگەکانی پێوەری تواناداركردنی تاكەكان لەگەڵ ڕەهەندەکەیان نیشان دەدات

| ڕەهەند پێوەرەکە | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خودكارامەیی | 1 | 0.792** | 2 | 0.779** | 3 | 0.817** |
| بەشداری كۆمەڵایەتی | 1 | 0.771** | 3 | 0.612** | | |
| | 2 | 0.674** | 4 | 0.771** | | |
| دەرونیكردنی بەهاكان | 1 | 0.689** | 3 | 0.636** | 5 | 0.670** |
| | 2 | 0.727** | 4 | 0.703** | | |
| دامەزراوەیی | 1 | 0.617** | 3 | 0.716** | 5 | 0.688** |
| | 2 | 0.600** | 4 | 0.720** | | |

* P-Value<0.05 ** P-Value<0.01

جێگیری پێوەری تواناداركردنی تاكەكان بۆ پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی

بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری بە ڕێگای چۆنیەکی نێوخۆیی، سودمان لە هاوکۆلکەی ئەلفای کرۆنباخ وەرگرت. وەکو لە خشتەی (٧) دەردەکەوێت؛ بەهای ئەلفای کرۆنباخی ڕەهەندی خودكارامەیی بریتییە لە (0.710)، ڕەهەندی بەشداری كۆمەڵایەتی (0.713)، ڕەهەندی ڕەهەندی دەرونیكردنی بەهاكان (0.717) و ڕەهەندی دامەرزاوەیی (0.721) کە بە ئاستێکی گونجاو لە جێگیری ئەژمار دەکرێت. بەم پێیە بەو ئەنجامە دەگەین کە پێوەری تواناداركردنی تاكەكان بۆ پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی خاوەنی جێگیرییە بە ڕێگای چۆنیەکی نێوخۆییە.

خشتەی (٧): جێگیری بە ڕێگای چۆنیەکی نێوخۆیی پێوەری تواناداركردنی تاكەكان نیشان دەدات

| ڕەهەند | بەهای ئەلفای کرۆنباخ | ژمارەی برگەکان | برگەی سڕاوە |
|---|---|---|---|
| خودکارامەیی | 0.710 | 3 | - |
| بەشداری کۆمەڵایەتی | 0.713 | 4 | - |
| دەرونیکردنی بەهاکان | 0.717 | 5 | - |
| دامەزراوەیی | 0.721 | 5 | - |

**٥ .تاوتوێكردنی ئامانجەكانی توێژینەوەكە:**

**ئامانجی یەكەم: دیاریكردنی ئاستی گۆڕاوە سەرەكییەكانی توێژینەوەكە (سەرمایەی كۆمەڵایەتی و تواناداركردنی تاكەكان بۆ پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی) لای نمونەی توێژینەوەكە:**

**یەكەم: سەرمایەی كۆمەڵایەتی:**

وەكو لە خشتەی (٨) دەردەكەوێت؛

١. گـۆڕاوی سـەرمایەی كـۆمەڵایەتی سێ ڕەهەنـدی (بونیـادی، پەیوەنـدی و زانەكی) پـۆلین كـراوە، كە ناوەنـدی ژمـێرەیی ڕەهەنـدی بونیـادی بـریتییە لە (3.56) بە لادانی پێـوەری (0.700) و ڕەهەنـدی پەیوەنـدیی (3.61) بە لادانی پێـوەری (0.720) ئەمەش نیشـان دەدات كە ئاسـتی ئەم دو ڕەهەنـدەی سـەرمایەی كـۆمەڵایەتی لە ناوەڕاست بەرزترە كە دەكەوێتە نێوان بژاردەكانی تارادەیەك لەگەڵیدام لەگەڵیدام.

٢. لە ڕەهەنـدی زانەكیـدا ناوەنـدی ژمـێرەیی بـریتییە لە (2.35) بە لادانی پێـوەری (0.717) كە كەمـترە لە ناوەڕاسـتی پێـوەرەكە و دەكەوێـت نێـوان بژاردەكـانی تـارادەیەك لەگەڵیـدام و لەگەڵیـدانیم، ئەمەش نیشـان تاكەكـان هەسـت بەوە دەكەن كۆمەڵگـا لەڕوی بەهـاو ئامـانجی هاوبەشـەوە هاوچەشـنبونی خـۆی لەدەستداوەو بەرەو جیاوازی و جۆراوجۆری دەچێت.

خشتەی (٨): ئاستی ڕەهەندەكانی سەرمایەی كۆمەڵایەتی لای نمونەكە نیشان دەدات

| سەرمایەی كۆمەڵایەتی | نزمترین دەرەجە | بەرزترین دەرەجە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بونیادی | 1.50 | 4.67 | 3.56 | 0.700 |
| پەیوەندیی | 1.60 | 4.80 | 3.61 | 0.720 |
| زانەكی | 1.33 | 4.67 | 3.65 | 0.717 |

وەک بۆمان دەركەوت (ڕەهەندی بونیادی و پەیوەندی ) بە ناوەندە ژمێرییەكانی ( 3.56و 3.61) لە ئاستێكی بەرزتردان لە ناوەڕاستی پێوەرەكە، ئەمەش دەردەخات كە تاكەكان پەیوەندییە كۆمەڵایەتییە بەهێزەكان و بنیاتنەرییەكانیان هەیە و تا ڕادەیەک ڕەزامەندن لەگەڵ ئەم ڕەهەندانەدا. بە بەراورد بە (ڕەهەندی زانەكی) بە ناوەندی ژمێریی (2.35) لە ئاستێكی نزمتردایە، كە ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەستی تاكەكان بە كەمبونی هاوچەشنی و یەكگرتویی لە كۆمەڵگادا، بە تایبەتی لە ڕوی بەها و ئامانجی هاوبەشەوە. ئەم جیاوازییە لە نێوان ڕەهەندەكانی سەرمایەی كۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی بەشداراانی نمونەی توێژینەوەكە دەرخەری ئەوەیە كە هاوڵاتییان لە شاری هەولێر بە ئاڕاستەی جیاوازبون و فرەچەشنییدا دەڕوات، كە لەوانەیە پێویستی بە چارەسەری ڕێكخراوەیی و سیاسەتی گونجاو بێت بۆ بەهێزكردنی پەیوەندی زانەكی و یەكگرتویی كۆمەڵایەتی. هەر بۆیە پێویستە حكومەت و ڕێكخراوە كۆمەڵایەتییەكان، چالاكی و پرۆگرامی تایبەت ڕێكبخەن بۆ

بەهێزکردنی ڕەهەندی زانەکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، وەک پەروەردەکردنی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی، پێشخستنی بەها هاوچەشنەکان، گرنگیدان و دوبارە زیندو کردنەوە و پەرەپێدان بە بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییە باڵاکان.

ئەم ئەنجامە هاوشێوەی توێژینەوەکەی (بەسیدە حیدر انور٢٠٢٣) ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەرزە. بەڵام لەم توێژینەوەیە ڕەهەندی زانەکی ئاستەکەی کەمترە لەو ئاستی بەدەستهاتو لەو توێژینەوەیە. ئەمەش دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ جیاوازی کۆمەڵگای توێژینەوەکە. کە لەو توێژینەوەیە مامۆستایان، کە لە ڕوی ئاکادیمی و ڕادەی خوێندەواری بە توێژی ئاست بەرزی کۆمەڵگا دادەنرێت و ئەمەش کاریگەری دروست دەکات.

هەروەها ئەم ئەنجامە پێچەوانەی توێژینەوەکەی (لەشکر عەلی ئەکبر وئەوانیتر ، ٢٠١٢) کە لەو توێژینەوەیە ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای هاوڵاتیان کەمە و ئاستێکی زۆر نزمی هەیە. لەم ئەنجامە کۆمەڵگای توێژینەوەکە هاوشێوەن. دەکرێت لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی گۆڕانکاری ڕویدا بێت. هەروەها جیاوازییەکەیان ئەوەیە لە توێژینەوەکەی (لەشکر) سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بە پەرەسەندنی شاری هەولێر لە چوارچیوەی پرۆژەکان و لایەنی حکومی پەیوەندیدار. بەڵام لەم توێژینەوەی ئێمە جیاوازییەکە ئەوەی مەبەستی ئێمە بەستنەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتییە بە تواناداکردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدان. واتە لێرەدا زیاتر لایەنی تاکەکەسی دەگرێتەوە. بۆیە دەتوانین جیاوازی ئەو ئەنجامە بۆ ئەم خاڵە بگەڕێنینەوە.

### دوەم: تواناداركردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی

وەکـو لە خشـتەی (٩) دەردەکەوێـت؛ ناوەنـدی ژمـێرەیی ڕەهەنـدی خودکـارامەیی بـریتییە لە (3.73) بە لادانی پێـوەری (0.846) کە بە پـلەی یەکەم دێـت، و ڕەهەنـدی بەشـداری کـۆمەڵایەتی (3.55) بە لادانی پێـوەری (0.762) و ڕەهەنـدی دەرونیکـردنی بەهاکـان (3.59) بە لادانی پێـوەری (0.735) و هەروەهـا ڕەهەنـدی دامەرزاوەیی ناوەنـدی ژمێرەیـیەکەی بـریتییە لە (3.53) بە لادانی پێـوەری (0.727)، ئەمەش نیشـان دەدات کە ئاسـتی هەر سێ ڕەهەنـدەکەی توانـادارکردنی تاکەکـان لە ناوەڕاسـت بەرزتـرن و دەردەکەوێ لە نێـوان بژاردەکـانی تـارادەیەك لەگەڵیـدام و لەگەڵیـدام. هەروەهـا لادانـێکی پێـوەری کەمە کە نیشـانەی کەمی جیاوازیی نێوان ئەندامانی نمونەکەیە.

خشتەی (٩): ئاستی ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای نمونەکە نیشان دەدات

| سەرمایەی کۆمەڵایەتی | نزمترین دەرەجە | بەرزترین دەرەجە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| خودکارامەیی | 1.33 | 5.00 | 3.73 | 0.846 |
| بەشداری کۆمەڵایەتی | 1.50 | 5.00 | 3.55 | 0.762 |
| دەرونیکردنی بەهاکان | 1.20 | 5.00 | 3.59 | 0.735 |
| دامەزراوەیی | 1.40 | 4.80 | 3.53 | 0.727 |

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تواناداركردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی لە شاری هەولێر لە چوار ڕەهەندی (خودکارامەیی، بەشداری کۆمەڵایەتی، دەرونیکردنی بەهاکان، و دامەزراوەیی) لە ئاستێکی بەرزتردایە لە ناوەڕاستی پێوەرەکە. بە تایبەتی، ڕەهەندی خودکارامەیی بەرزترین پلەی بەدەست هێناوە، کە ئەمە دەردەخات کە تاکەکان هەست بە کاریگەری و توانای کەسییان دەکەن لە پەرەپێدانی کۆمەڵگادا. هەروەها ڕەهەندەکانی بەشداری کۆمەڵایەتی، دەرونیکردنی بەهاکان، و دامەزراوەیی هەمویان لە ئاستێکی نزیک لە یەکتردان و لە ناوەڕاستی پێوەرەکە بەرزترن، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تاکەکان ویستی بەشدارییان لە کردەوە کۆمەڵایەتییەکان هەیە و هەست بە

کاریگەرییان لە پەیوەندییان دەکەن بۆ پەرەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان و لە ئەنجامدا هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی.

هەروەها، لادانی پێوەری کەم لە نێوان ئەنجامەکاندا ئەوە نیشان دەدات کە جیاوازییەکی کەم لە نێوان بۆچونی ئەندامانی نمونەکەدا هەیە، کە ئەمەش دەرخەری هاوڕایی و یەکگرتوییەکی کۆمەڵایەتییە لە نێوان تاکەکاندا. بە گشتی، ئەم ئەنجامانە دەردەخەن کە تاکەکانی شاری هەولێر لە ڕوی تواناداركردنەوە لە ئاستێکی باشدان و ئامادەن بۆ بەشداریکردن لە پەرەپێدانی کۆمەڵگا، بە تایبەتی لە ڕوی خودکارامەیی و پەیوەستبون بە بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە.

**ئامانجی دوەم: دیاریکردنی ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە (سەرمایەی کۆمەڵایەتی و تواناداركردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی) بەگوێرەی گۆڕاوە دێمۆگرافییەکان.**

ئامانجی دوەمی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی (بونیادی، پەیوەندی و زانەکی) و تواناداركردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی (خودکارامەیی، بەشداری کۆمەڵایەتی، دەرونیکردنی بەهاکان و دامەزراوەیی) بەگوێرەی گۆڕاوە دێمۆگرافییەکان(ڕەگەز، تەمەن، جۆری پیشە، ئاستی خوێندەواری، باری کۆمەڵایەتی، شوێنی نیشتەجێبون و باری ئابوری)، بۆ ئەم مەبەستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ کران و ئەنجامەکانی خرانەڕو:

**١. ڕەگەز**

بە مەبەستی دەرهێنانی کاریگەری گۆڕاوی دێمۆگرافی ڕەگەز لەسەر هەر یەك لە گۆراوەکانی توێژینەوەکە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) بەکارهێنرا. کە وەکو لە خشتەی (١٠) دەردەکەوێت: لە هیچ یەك لە ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی (بونیادی، پەیوەندیی و زانەکی) و تواناداركردنی تاکەکان بە مەبەستی پەرەپێدان، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ نیە، ئەمەش ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەی و هەروەها (P-Value>0.05).

خشتەی (١٠): ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و تواناداركردنی تاکەکان بەگوێرەی ڕەگەز نیشان دەدات

| گۆڕاو | ڕەهەند | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | p-value | بەهای (ت) دەرهێنراو | بەهای (ت) خشتەیی | بەڵگەداره |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرمایەی کۆمەڵایەتی | بونیادی | نێر | 188 | 3.53 | 0.06 | 0.679 | 0.423 | 0.803 | 1.966 | بەڵگەدار نیه |
| | | مێ | 196 | 3.59 | | 0.721 | | | | |
| | پەیوەندی | نێر | 188 | 3.61 | 0.01 | 0.729 | 0.927 | 0.092 | 1.966 | بەڵگەدار نیه |
| | | مێ | 196 | 3.62 | | 0.713 | | | | |
| | زانەکی | نێر | 188 | 2.36 | 0.03 | 0.716 | 0.698 | 0.388 | 1.966 | بەڵگەدار نیه |
| | | مێ | 196 | 2.34 | | 0.720 | | | | |
| تواناداركردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدان | خودکارامەیی | نێر | 188 | 3.73 | 0.01 | 0.848 | 0.882 | 0.149 | 1.966 | بەڵگەدار نیه |
| | | مێ | 196 | 3.74 | | 0.846 | | | | |
| | بەشداری کۆمەڵایەتی | نێر | 188 | 3.56 | 0.01 | 0.764 | 0.872 | 0.161 | 1.966 | بەڵگەدار نیه |
| | | مێ | 196 | 3.54 | | 0.761 | | | | |
| | دەرونیکردنی بەهاکان | نێر | 188 | 3.55 | 0.08 | 0.742 | 0.283 | 1.076 | 1.966 | بەڵگەدار نیه |
| | | مێ | 196 | 3.63 | | 0.729 | | | | |
| | دامەزراوەیی | نێر | 188 | 3.49 | 0.06 | 0.718 | 0.385 | 0.869 | 1.966 | بەڵگەدار نیه |
| | | مێ | 196 | 3.56 | | 0.736 | | | | |

n= 384 df= 382

**٢. ئاستی تەمەن**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی تەمەن لەسەر ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و تواناداركردنی تاكەكان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (One way ANOVA) بەکارهێنرا لە ڕەهەندەکانی هەر دو گۆڕاوەکەدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گروپە تەمەنیە جیاوازەکاندا بەدی نەکرا، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value>0.05). لەبەر ئەوەی کە بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە گەنجن و تا ڕادەیەک ئاستی تەمەنییان نزیکە لە یەکتر و ئەو جیاوازییە تەمەنییە کەمە زۆر کاریگەری لە سەر ڕوانگەی ئەوان سەبارەت بە گۆڕاوەکان نەبوە.

**٣. جۆری پیشە**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی پیشە لەسەر ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و تواناداركردنی تاكەكان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (One way ANOVA) بەکارهێنرا وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١. لە ڕەهەندی بونیادی پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان جۆرەکانی پیشەدا هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value=0.020<0.05).

٢. لە ڕەهەندەکانی (پەیوەندی و زانەکی) پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی و هەروەها لە ڕەهەندەکانی پێوەری تواناداركردنی تاكەكان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتییدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان پیشە جۆراوجۆرەکاندا بەدی ناکرێت، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value>0.05).

خشتەی (١١): ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و تواناداركردنی تاكەكان بەگوێرەی پیشە نیشان دەدات

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازی | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بونیادی | قوتابی | 86 | 3.48 | 0.709 | 2.969 | 0.020 بەڵگەدارە |
| | کارمەند | 69 | 3.50 | 0.677 | | |
| | کاری ئازاد | 87 | 3.73 | 0.676 | | |
| | بێکار | 74 | 3.41 | 0.703 | | |
| | کەرتی تایەت | 68 | 3.67 | 0.699 | | |
| | کۆی گشتی | 384 | 3.56 | 0.700 | | |
| ڕەهەندی پەیوەندیی | قوتابی | 86 | 3.52 | 0.741 | 2.034 | 0089 بەڵگەدار نیە |
| | کارمەند | 69 | 3.50 | 0.710 | | |
| | کاری ئازاد | 87 | 3.77 | 0.688 | | |
| | بێکار | 74 | 3.59 | 0.718 | | |
| | کەرتی تایەت | 68 | 3.67 | 0.724 | | |
| | کۆی گشتی | 384 | 3.61 | 0.720 | | |
| ڕەهەندی زانەکی | قوتابی | 86 | 2.46 | 0.740 | 1.909 | 0.108 بەڵگەدار نیە |
| | کارمەند | 69 | 2.45 | 0.683 | | |
| | کاری ئازاد | 87 | 2.24 | 0.728 | | |
| | بێکار | 74 | 2.36 | 0.685 | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەرتی تایبەت | 68 | 2.23 | 0.723 | | |
| | کۆی گشتی | 384 | 2.35 | 0.717 | | |
| خودکارامەیی | قوتابی | 86 | 3.63 | 0.800 | 0.631 | 0.641 |
| | کارمەند | 69 | 3.69 | 0.929 | | |
| | کاری ئازاد | 87 | 3.81 | 0.842 | | |
| | بێکار | 74 | 3.79 | 0.829 | | بەڵگەدار نیە |
| | کەرتی تایبەت | 68 | 3.75 | 0.845 | | |
| | کۆی گشتی | 384 | 3.73 | 0.846 | | |
| بەشداری کۆمەڵایەتی | قوتابی | 86 | 3.44 | 0.845 | 1.319 | 0.261 بەڵگەدار نیە |
| | کارمەند | 69 | 3.48 | 0.748 | | |
| | کاری ئازاد | 87 | 3.66 | 0.749 | | |
| | بێکار | 74 | 3.54 | 0.664 | | |
| | کەرتی تایبەت | 68 | 3.65 | 0.773 | | |
| | کۆی گشتی | 384 | 3.55 | 0.762 | | |
| دەرونیکردنی بەهاکان | قوتابی | 86 | 3.45 | 0.811 | 2.141 | 0.075 |
| | کارمەند | 69 | 3.50 | 0.742 | | بەڵگەدار نیە |
| | کاری ئازاد | 87 | 3.67 | 0.657 | | |
| | بێکار | 74 | 3.59 | 0.699 | | |
| | کەرتی تایبەت | 68 | 3.75 | 0.737 | | |
| | کۆی گشتی | 384 | 3.59 | 0.735 | | |
| دامەزراوەیی | قوتابی | 86 | 3.42 | 0.806 | 1.011 | 0.401 بەڵگەدار نیە |
| | کارمەند | 69 | 3.49 | 0.659 | | |
| | کاری ئازاد | 87 | 3.62 | 0.735 | | |
| | بێکار | 74 | 3.53 | 0.722 | | |
| | کەرتی تایبەت | 68 | 3.59 | 0.682 | | |
| | کۆی گشتی | 384 | 3.53 | 0.727 | | |

وەکو لە خشتەی سەرەوە دەرکەوت، لە ڕەهەندی بونیادی پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتییدا جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان گروپەکاندا بەدی کرا. بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەوەی کە ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان کام یەك لە گروپە جیاوازەکان، توێژەر سوودی لە تاقیکردنەوەی (لانیکەمی جیاوازیی بەڵگەداری فیشەر Fisher least Significant Difference = Fisher LSD) وەرگرت. وەکو لە خشتەی (١١) دەردەکەوێت: لە نێوان ئەوانەی کاری ئازاد ئەکەن لەگەڵ قوتابی، کارمەند و بێکاردا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە کە (P-Value<0.05)، بە سەرنجدان بەوەی کە ناوەندی ژمێرەی ڕەهەندی بونیادی ئەوانەی کاری ئازاد دەکەن بریتیە لە (3.73) بەرزترە لە ناوەندی ژمێرەی گروپەکانی دیکە، بۆیە ئەتوانین بڵێن کە ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی ڕەهەندی بونیادی لای ئەوانەی کاری ئازاد دەکەن لە قوتابی و کارمەند و بێکار بەرزترە. هەروەها لە نێوان بێکار و کەرتی تایبەتدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری بەدی دەکرێت(P-Value=0.029<0.05)، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ناوەندی ژمێرەی کەرتی تایبەت (3.67) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەی بێکارەکان (3.41) بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە

ڕەهەندی بونیادی لای ئەوانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن بەرزترە لەوانەی بێکارن. بە هۆی ئەوەی کە ئەوانەی کە کار دەکەن زیاتر کارلێک و بەرکەوتنیان لە گەڵ کەسانی دەوروبەریان هەیە بەڵام ئەوانەی کە بێکارن کەمتر بەرکەوتنیان لە گەڵ کەسانی دیکە هەیە و پەیوەندییەکانیان لە چوارچێوەیەکی سنوردار دایە.

خشتەی (١٢): تاقیکردنەوەی فیشەر بۆ گۆڕاوی دیموگرافی جۆری پیشە نیشان دەدات

| ڕەهەند | گۆڕاوی دیمۆگرافی | جیاوازیی ناوەندەکان | P-Value | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| بونیادی | قوتابی لەگەڵ کارمەند | -0.01 | 0.907 | بەڵگەدار نیە |
| | قوتابی لەگەڵ کاری ئازاد | -0.25 | 0.019 | بەڵگەدارە |
| | قوتابی لەگەڵ بێکار | 0.07 | 0.524 | بەڵگەدار نیە |
| | قوتابی لەگەڵ کەرتی تایبەت | -0.18 | 0.101 | بەڵگەدار نیە |
| | کارمەند لەگەڵ کاری ئازاد | -0.23 | 0.037 | بەڵگەدارە |
| | کارمەند لەگەڵ بێکار | 0.08 | 0.474 | بەڵگەدار نیە |
| | کارمەند لەگەڵ کەرتی ئازاد | -0.17 | 0.148 | بەڵگەدار نیە |
| | کاری ئازاد لەگەڵ بێکار | 0.32 | 0.004 | بەڵگەدارە |
| | کاری ئازاد لەگەڵ کەرتی تایبەت | 0.06 | 0.577 | بەڵگەدار نیە |
| | بێکار لەگەڵ کەرتی تایبەت | 0.25 | 0.029 | بەڵگەدارە |

لە میانی ئەو ئەنجامەی خرایەڕو سەبارەت بە پێشەی لێتوێژراوان بۆمان دەردەکەوێت ئەوانەی کاری ئازاد دەکەن ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتیيان بەرزترە. دەتوانین ئەمە بگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی ڕەنگە لە لایەک ئەو کەسانە دەکرێت باری ئابورییان باشتر بێت و ئەمەش کاریگەری هەبێت لە سەر پەیوەندییەکانیان بەتایبەتی لە ڕەهەندی بونیادی و پەیوەندی خێزانی. ل لایەکی دیکە دەکرێت ئەوان بە هۆی پیشەکەیان چوارچێوەی پەیوەندییەکانیان فراوانتر بێت و ئەمەش کاریگەری لەسەر دروست کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی هەیە.

**٤. باری ئابوری**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دێمۆگرافی باری ئابوری لەسەر ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و تواناداركردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (One way ANOVA) بەکارهێنرا وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١. سەبارەت بە پێوەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی؛ لە هەر سێ ڕەهەندی (بونیادی، پەیوەندی و زانەکی)دا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری بەدی دەکرێت، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05).

٢. لە پەیوەندیی لەگەڵ پێوەری تواناداركردنی تاك بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی؛ لە ڕەهەندی خود کارامەییدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئاستە ئابورییە جیاوازەکاندا بەدی ناکرێت، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value=0.556>0.05).

٣. لە ڕەهەندەکانی دیکەی تواناداركردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی کە بریتین لە بەشداری کۆمەڵایەتی، دەرونیکردنی بەهاکان و دامەزراوەییدا، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری بەدی دەکرێت، ئەمەش بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05).

خشتەی (١٣): ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و تواناداركردنی تاکەکان بەگوێرەی ئاستی ئابوری نیشان دەدات

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بونیادی | باش | 160 | 3.70 | 0.651 | 12.196 | 0.000 بەڵگەدارە |
| | مامناوەند | 180 | 3.55 | 0.682 | | |
| | خراپ | 44 | 3.13 | 0.775 | | |
| | کۆی گشتی | 384 | 3.56 | 0.700 | | |
| ڕەهەندی پەیوەندیی | باش | 160 | 3.72 | 0.700 | 6.150 | 0.002 بەڵگەدارە |
| | مامناوەند | 180 | 3.59 | 0.712 | | |
| | خراپ | 44 | 3.30 | 0.741 | | |
| | کۆی گشتی | 384 | 3.61 | 0.720 | | |
| ڕەهەندی زانەکی | باش | 160 | 2.26 | 0.693 | 9.158 | 0.000 بەڵگەدارە |
| | مامناوەند | 180 | 2.33 | 0.700 | | |
| | خراپ | 44 | 2.77 | 0.745 | | |
| | کۆی گشتی | 384 | 2.35 | 0.717 | | |
| خودکارامەیی | باش | 160 | 3.79 | 0.815 | 0.588 | 0.556 بەڵگەدار نیە |
| | مامناوەند | 180 | 3.70 | 0.817 | | |
| | خراپ | 44 | 3.67 | 1.057 | | |
| | کۆی گشتی | 384 | 3.73 | 0.846 | | |
| بەشداری کۆمەڵایەتی | باش | 160 | 3.69 | 0.719 | 8.769 | 0.000 بەڵگەدارە |
| | مامناوەند | 180 | 3.53 | 0.747 | | |
| | خراپ | 44 | 3.16 | 0.841 | | |
| | کۆی گشتی | 384 | 3.55 | 0.762 | | |
| دەرونیکردنی بەهاکان | باش | 160 | 3.69 | 0.706 | 5.366 | 0.005 بەڵگەدارە |
| | مامناوەند | 180 | 3.57 | 0.755 | | |
| | خراپ | 44 | 3.29 | 0.683 | | |
| | کۆی گشتی | 384 | 3.59 | 0.735 | | |
| دامەزراوەیی | باش | 160 | 3.62 | 0.652 | 3.568 | 0.029 بەڵگەدارە |
| | مامناوەند | 180 | 3.50 | 0.798 | | |
| | خراپ | 44 | 3.30 | 0.636 | | |
| | کۆی گشتی | 384 | 3.53 | 0.727 | | |

وەکو خشتەی سەرەوە نیشان دەدات، جیا لە ڕەهەندی خود کارامەیی لە پێوەری تواناداركردنی تاكەكان، لە ڕەهەندەكانی دیكەی هەر دو پێوەرەكەدا جیاوازییەكی بەڵگەداری ئاماری بەدی دەكرێت. بە مەبەستی دەستنیشانكردنی ئەوەی كە ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان كام یەك لە گروپە جیاوازەكان، توێژەر سودی لە تاقیكردنەوەی (لانیكەمی جیاوازیی بەڵگەداری فیشەر Fisher least Significant Difference = Fisher LSD) وەرگرت. وەكو لە خشتەی (١٣) دەردەكەوێت:

١. ڕەهەندی بونیادی: هەر سێ ئاستەكە پێكەوە جیاوازییەكی بەڵگەداری ئامارییان هەیە، ئەمەش بەو واتایە كە ئاستی ئابوری لەگەڵ مامناوەند و خراپ جیاوازییان هەیەو هەروەها ئاستی ئابوری مامناوەند لەگەڵ خراپ جیاوازن، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی كە (P-Value<0.05). بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی كە ناوەندی ژمێرەی ئاستی باش (3.70) و

ئاستی مامناوەندی (3.55) و ئاستی لاواز (3.13)ە، بۆیە ئەتوانین بڵێن جیاوازییەکی بەڵگەدار لە بەرژەوەندی ئاستی بەرزتر بونی هەیە.

٢. ڕەهەندی پەیوەندیی: لەم ڕەهەندەدا، ئاستی ئابوری خراپ، لەگەڵ هەردو ئاستەکەدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە، بەسەرنجدان بەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی ئاستی ئابوری خراپ، کەمترە لە دو ئاستەکەی دیکە، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە لە ڕەهەندی پەیوەندییدا ئەوانەی ئاستی ئابوریان خراپە، بەشێوەیەکی بەڵگەداری ئاماری سەرمایەی کۆمەڵایەتی کەمترە لە ئاستی باش و مامناوەند. ئەم ئەنجامە یەک دەگرێتەوە لە گەڵ تیۆرەکەی جێمس کۆڵمان کە باس لەوە دەکات ئەوانەی باری ئابوریان باشترە یا لە چینی بەرزی کۆمەڵگان ئەوا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەرفراوانترە و پەیوەندییەکانیان کاریگەری هەیە لە سەر زیادبونی سەرمایە کۆمەڵایەتی لای ئەوان. هەروەها ئەم ئەنجامە لە واقعی کۆمەڵگای توێژینەوەکە بە دەست هاتوە و ڕای لێتوێژراوانە.

٣. ڕەهەندی زانەکی: لەم ڕەهەندەداشدا، ئاستی ئابوری خراپ، لەگەڵ هەردو ئاستەکەدا جیازازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە، بەسەرنجدان بەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی ئاستی ئابوری خراپ، کەمترە لە دو ئاستەکەی دیکە، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە لە ڕەهەندی زانەکیدا ئەوانەی ئاستی ئابوریان خراپە، بەشێوەیەکی بەڵگەداری ئاماری کەمترە سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ئاستی باش و مامناوەند.

٤. بەشداری کۆمەڵایەتی: لەم ڕەهەندەی توانادارکردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیدا؛ هەر سێ ئاستەکە پێکەوە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماریان هەیە، ئەمەش بەو واتایە کە ئاستی ئابوری لەگەڵ مامناوەند و خراپ جیاوازییان هەیەو هەروەها ئاستی ئابوری مامناوەند لەگەڵ خراپ جیاوازن، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value<0.05). بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ناوەندی ژمێرەی ئاستی باش (3.69) و ئاسی مامناوەندی (3.53) و ئاستی لاواز (3.16)ە، بۆیە ئەتوانین بڵێن جیاوازییەکی بەڵگەدار لە بەرژەوەندی ئاستی بەرزتر بونی هەیە.

٥. دەرونیکردنی بەهاکان: لەم ڕەهەندەدا، ئاستی ئابوری خراپ، لەگەڵ هەردو ئاستەکەدا جیازازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە، بەسەرنجدان بەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی ئاستی ئابوری خراپ، کەمترە لە دو ئاستەکەی دیکە، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە لە ڕەهەندی زانەکیدا ئەوانەی ئاستی ئابوریان خراپە، بەشێوەیەکی بەڵگەداری ئاماری توانایان کەمترە لە ئاستی باش و مامناوەند.

٦. ڕەهەندی دامەزراوەیی: لەم ڕەهەندەدا، ئاستی ئابوری باش لەگەڵ خراپ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value=0.010<0.05). بە سەرنجدان بەوەی کە ناوەندی ژمێرەی ئاستی ئابوری باشی بریتییە لە (3.62) بەرزترە لە ناوەندی ژمێرەیی ئاستی ئابوری خراپ (3.30)، بۆ بەو ئەنجامە دەگەین کە ئاستی توانای دامەزراوەیی لای ئەوانەی ئاستی ئابوریان باشە، بەرزترە لەوانەی ئاستی ئابوریان خراپە.

خشتەی (١٤): تاقیکردنەوەی فیشەر بۆ گۆڕاوی دیموگرافی ئاستی ئابوری نیشان دەدات

| ڕەهەند | گۆڕاوی دیمۆگرافی | جیاوازیی ناوەندەکان | P-Value | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| بونیادی | باش لەگەڵ مامناوەند | 0.15 | 0.049 | بەڵگەدارە |
| | باش لەگەڵ خراپ | 0.57 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | مامناوەند لەگەڵ خراپ | 0.43 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | باش لەگەڵ مامناوەند | 0.13 | 0.084 | بەڵگەدار نیە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پەیوەندیی | باش لەگەڵ خراپ | 0.42 | 0.001 | بەڵگەدارە |
| | مامناوەند لەگەڵ خراپ | 0.28 | 0.018 | بەڵگەدارە |
| زانەکی | باش لەگەڵ مامناوەند | 0.07 | 0.350 | بەڵگەدار نیە |
| | باش لەگەڵ خراپ | 0.51 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | مامناوەند لەگەڵ خراپ | 0.44 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| بەشداری کۆمەڵایەتی | باش لەگەڵ مامناوەند | 0.16 | 0.049 | بەڵگەدارە |
| | باش لەگەڵ خراپ | 0.53 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | مامناوەند لەگەڵ خراپ | 0.37 | 0.004 | بەڵگەدارە |
| دەرونیکردنی بەهاکان | باش لەگەڵ مامناوەند | 0.12 | 0.141 | بەڵگەدار نیە |
| | باش لەگەڵ خراپ | 0.40 | 0.001 | بەڵگەدارە |
| | مامناوەند لەگەڵ خراپ | 0.29 | 0.020 | بەڵگەدارە |
| دامەزراوەیی | باش لەگەڵ مامناوەند | 0.12 | 0.139 | بەڵگەدار نیە |
| | باش لەگەڵ خراپ | 0.32 | 0.010 | بەڵگەدارە |
| | مامناوەند لەگەڵ خراپ | 0.20 | 0.097 | بەڵگەدار نیە |

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت لە سەرجەم ڕەهەندەکان باری ئابوری ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە جیاوازی هەیە. ئەوانەی ئاستی ئابوری باشیان هەیە ئاستی ڕەهەندەکانی گۆڕاوەکانی لای ئەوان بەرزترە، دواتر ئەوانەی ئاستی ئابوری مامناوەندییان هەیە ، ئاستی گۆڕاوەکان لای ئەوان بەرزترە بەبەراورد بەوانەی ئاستی ئابورییان خراپە.

**ئامانجی سێیەم: دەستنیشانکردنی کاریگەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەسەر توانادارکردنی تاکەکان:**


بە مەبەستی زانینی کاریگەریی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەسەر توانادارکردنی تاکەکان سودمان لە مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی (Structural Equation Modeling –SEM) وەرگرت کە بە پرۆگرامی ( AMOS – Analysis Moment Structures) جێبەجێ کراوە. مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی شێوازێکی شیکارکردنی چەند گۆڕاوی گشتگیرە لە ڕەچەڵەکی ڕگرسیۆنی چەند گۆڕاوی. بە دەربڕینێکی وردتر پەرەپێدراوی مۆدیلی هێڵییە (Liner) کە دەرفەتی ئەوە بۆ توێژەر دەڕەخسێنێ تاکو هاوکات کۆمەڵێ لە هاوکێشە ڕگرسیونییەکان جێبەجێ (Ahmad and Saadi, 2024: 260). و کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاوستەوخۆکان دەست نیشان بکات (Saeed and et. Al, 2023: 5). بۆ ئەم مەبەستە دو مۆدیلمان لە نێو پرۆگرامی ئامۆس جێبەجێ کرد (بڕوانە وێنەی خوارەوە)و داتاکانمان لەسەری بار (Load) کردو ئەنجامەکانمان تاوتوێ کرد کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**یەکەم: کاریگەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەسەر تواناکانی تاك بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی:**

وەکو لە خشـــتەی (١٥) دەردەکەوێت، ســـەرمایەی کۆمەڵایەتی بڕی (0.859) لادانی پێوەری کاریگەری لەســـەر توانادارکردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە هەیە، ئەم کاریگەرییەش بەڵگەدار بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.000<0.05). جۆری کاریگەرییەکە ڕاســتەوانەیە، واتە بە زیادبونی هەر لادانێکی پێوەری لە ســەرمایەی کۆمەڵایەتی، بڕی (0.859) لادانی پێوەری توانـادارکردنی تـاکەکان زیاد دەکات و بە پێچەوانەکەشی ڕاســـتە، واتە بە کەمبونەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە ســـەرمایەی کۆمەڵایەتی بڕی (0.859) لادانی پێوەری توانادارکردنی تاکەکان کەم دەبێتەوە.

خشتەی (١٥): کاریگەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەسەر پەرپێدانی تواناکان نیشان دەدات

| جۆری کاریگەری | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| کاریگەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەسەر تواناداركردنی تاك | 0.859 | 0.000 |




**مۆدیلی (١): کاریگەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەسەر تواناداركردنی تاکەکان نیشان دەدات**


کەواتە بۆمان دەردەکەوێت هەرچەندە ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای تاکەکان بەرزتر بێت، ئەوا کاریگەری دەبێت لە سەر تواناداركردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدان، کە ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ناوەند و لایەنە فەرمی و حکومەییەکان بۆ کارکردن لە سەر بەرزترکردنەوەی ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پرۆژەکانی پەرەپێدان، بەمەبەستی پەرەپێدانی گشتی لە کۆمەڵگا. بەتایبەتی لە ڕەهەندی بونیادی کە دەچێتە چوارچێوەی پەیوەندییە خێزانی وخزمایەتییەکان، ئەمەش پەیوەندی بە باکگراوەندی کۆمەڵگای کوردییەوە هەیە کە سەرڕای پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیا بەڵام هێشتا ئاستی پەیوەندییە خێزانی و خزمایەتییەکان بەرزترە.

**دوەم: کاریگەری ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەسەر پەرەپێدانی توانای تاکەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی**

وەکو لە خشتەی (١٦) دەردەکەوێت، لەم مۆدیلە توێژینەوەکەدا، هیچ یەك لە ڕەهەندەکانی بونیادی، پەیوەندیی و زانەکی بەجیا کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەسەر تواناداركردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی نییە (P-Value>0.05)، ئەمەش نیشان دەدات کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە هەر سێ ڕەهەندەکەدا پێکەوە کاریگەرییان دەبێت و بەجیاجیا کاریگەری لەسەر تواناداركردنی تاکەکان بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی دانانێن.

خشتەی (١٦): کاریگەری ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەسەر پەرەپێدانی تاکەکان نیشان دەدات

| جۆری کاریگەری | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| کاریگەری ڕەهەندی بونیادی لەسەر تواناداركردنی تاکەکان | 0.767 | 0.458 |
| کاریگەری ڕەهەندی پەیوەندی لەسەر تواناداركردنی تاکەکان | 0.511 | 0.677 |
| کاریگەری ڕەهەندی زانەکی لەسەر تواناداركردنی تاکەکان | 0.500 | 0.405 |




مۆدیلی (٢): کاریگەری ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەسەر تواناداركردنی تاكەكان نیشان دەدات

بەپێی ئەم ئەنجامە کۆی ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە، ئەمەش یارمەتیدەری لایەنە پەیوەندیدارەکانە کە لە پلان و پرۆژەکانی پەرەپێدان سود لە سەرجەم ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی وەربگرن، بەڵام پێویستە لە گەڵ ئەوەشدا هەوڵ بدرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانەکی، وەک لە ئەنجامەکانی سەرەوە دەرکەوت ئاستەکەی کەمتر بو، کە ئەمەش کاری کاری بۆ نەکرێت دەکرێت ئاستەکەی زیاتر دابەزێت و دواتر کاریگەری لە سەر کۆی سەرمایەی کۆمەلایەتی هەبێت لای تاکەکان.

## ٦. دەرئەنجام و پێشنیارەکان توێژینەوەکە:

١. ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لە ڕەهەندەکانی (بونیادی و پەیوەندی) بەرزترە، بەڵام لە ڕەهەندی زانەکی کەمترە. کەواتە بۆمان دەردەکەویت کە هێشتا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێز و بونیاتنەرەکان وەک (خێزان و خزمایەتی) ماوە. ئەمەش پەیوەندی بە باگگراوەندی سونەتی کۆمەڵگای کوردی هەیە کە هێشتا لەم سەردمە بونیادی خۆی لە دەست نەداوە. بەڵام لە ڕەهەندە زانەکی دەتوانین بڵێن پەرەسەندنی مۆدێرنیتە کاریگەری دروست کردوە لە سەر هاوچەشنی کۆمەڵایەتی و بۆتە هۆی دروست بونی جیاوازبون لە بەها و ئامانجەکان و لە ئەنجامدا (کەمبونی یەکگرتویی) گشتی.

٢. تواناداركردنی تاكەكان بە هەمو ڕەهەندەكانی لە ئاستێكی بەرزدایە. ئەمەش خاڵێكی ئەرێنییە و كاریگەری بەرچاوەی لە سەر پەرەپێدان لە سەر ئاستی گشتی هەیە.

٣. لە گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان، ڕەگەز کاریگەری ئەوتۆی نەبو لە ڕەهەندەکانی گۆڕاوەکان. بەڵام ئاستی ئابوری و پیشە کاریگەری بەرچاویان هەبو. کەسانێک پیشەی باشتریان هەیە یا بە هۆی پیشەکەیان دەتوانن ئاستی مادییان بەرزتر بکەنەوە، ئەوا کاریگەری لە سەر لایەنی پەیوەندییەکانیان هەیە و دەتوانن فراوانتری بکەن. کەواتە باری ئابوری کاریگەری هەیە لە سەر فراوانبونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و بە پێچەوانەش ڕاستە.

٤. لە پەیوەندی سەرمایەی کۆمەلایەتی لە سەر پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکە ڕاستەوانە بو، کەواتە پێویستە بەمەبەستی پەرەپێدان بە گشتی کار بکرێت لەسەر سەرجەم ڕەهەندەکان، نەک تەنها بە لایەنێک یا ڕەهەندێک بدرێت و ڕەهەندی دیکە پشتگوێ بخریت.

**پێشنیار و ڕاسپارەکان**

١. چارەسەرکردنی کەمبونی هاوچەشنی لە (ڕەهەندی زانەکی): بە ڕێگای پلاندانان و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی یەکگرتویی کۆمەڵایەتیلەلایەن حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان (وەک فێستیڤاڵە هونەرییەکان، چالاکییە پەروەردەییەکان و کۆنفرانسی تایبەت).

پەروەردەکردنی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی لە ناو خوێندنگا و پەیمانگاکان و لە ڕێگای میدیاکانەوە بۆ پتەوکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی.

زیندوکردنەوە و پەرەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییە هاوچەشنەکان وەک ڕێزگرتن، هاوبەشبون، یارمەتیدانی یەکتر.

٢. پشتگیریکردن لە کەسانی خاوەن باری ئابوری خراپ: بەڕێگای دارشتنی پرۆگرامەکانی یارمەتی دارایی و خزمەتگوزارییەکان بەمەبەستی بەهێزکردنی دەسکەوتیان بە سەرچاوەکان.

پەرەپێدانی پرۆژەکانی دامەزراندنی کار بۆ کەسانی بێکار و ئەوانەی تازە خوێندن تەواو دەکەن.

هەروەها دابینکردنی دەرفەتی خوێندنی بێبەرامبەر یان هەرزان بۆ زیادکردنی توانایی و دەرفەتی کار.

٣. بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ناو کارمەندەکان بەمەبەستی پەرەپێدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان و کۆبونەوە پیشەگەرییەکان بۆ کارمەندەکان.

٤. پلاندانانی سیستەمی و تەواو: واتە پلان و ئێستراتیجییەکان پێویستە هەمو ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی (بونیادی، پەیوەندی، زانەکی) لە یەک کاتدابگرنەوە و پتەو بکەن، نەک تەنیا یەک یان دو ڕەهەند.

٥. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە شار و پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کە بزانرێت ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانە چۆن دەبن ئایا پاڵپشتی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبن یا بە پێچەوانەوە.

٦. ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە ڕۆڵی سەرمایەی ئابوری و کولتوری لە سەر پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی لای گەنجان، بۆ ئەوەی بزانرێت ئەنجامەکانی ئەو گۆڕاوانە چۆن دەبن؟

**سەرچاوە:**


علی ، شەرمین ولی (2016) ڕۆڵی زانکۆ تایبەتەکان لە گەشەپیدانی کۆمەڵایەتیدا توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری هەولێر ، نامە ی ماستە ر، زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلێژی ئاداب .

ئیروانی، ئیحسان وە لزی موسلح (2020) سیاسە ت وکۆمە لگا لە باشوری کوردستان ، هە ولێر ، بە ڕێوبە رایە تی گشتیە کانی کتێبخانە .

ابراهیم، شالا (2001) الراس المال الاجتماعي و دوره في تحسين الاداء الوظيفي للمؤسسة الاقتصادية ، مجلة مجاميع المعرفة جامعة سيدي بلبعاس الجيلالي لياس الجزائر، المجلد 7 ، عدد1 .

أحمد ، محمد أبو الحمد سيد (2023) ببليوجرافيا شارحه لرسائل الماجستير والدكتوراه في تنمية المجتمع جامعة الازهر بالقاهرة ،المجلة كلية التربية بتفهنا الاشراف المجلد الاول ،العدد 1، جز 2 .

حسين , أرام ابراهيم (2010) دور التخطيط في التنمية الاجتماعية دراسة ميدانية في اقليم كوردستان عيراق ، دكتوراه ، اربيل ، جامعة صلاح الدين , كلية الاداب.

حمداوي جميل (2017) من اجل تنمية مستديمة ، ط1 ، بدون مكان الطبع.
خاطر احمد مصطفي (2002) التنمية الاجتماعية , الإسكندرية , المكتب الجامعي الحديث, الازاريطة .
خليل منى عطية خزام (2017) راس المال الاجتماعي في عالم متغير ،الناشر المكتب الجامعي الحديث
الدلفي, عادل ولى ابراهيم (2021) دور رأس المال الاجتماعي في تعزيز السلوك الاستباقي دراسة تحليلية الاراء عينة من موظفي شركة بغداد للمشروبات الغازية ، رسالة ماجستير ، جامعة كربلاء ، كلية الادارة والاقتصاد .
السروجى ، طلعت مصطفي (2009) رأس المال الاجتماعي ،الناشر مكتبة الانجلو المصرية ،القاهرة جمهورية مصر العربية.
سعدون ، يمان ناصر ( 2022 ) تمكين وتفعيل دور الشباب في عملية التنمية دراسة ميدانية في إقليم كردستان مدينة اربيل ، رسالة ماجستير ، جامعة صلاح الدين ، كلية الاداب .
سلطان، احمد ابرايهم لشيد ( 2019 ) رأس المال الجتماعى مدخل لتغريز إدارة التميز _ دراسة تطبيقية في مستشفى أزادى , رسالة ماجستير ،جامعة الموصل , كلية الإدارة و الاقتصاد .
علوي ،بشرى ( 2020) استراتيجية تمكين العاملين و فاعليتها في تفويض السلطة دراسة ميدانية ببلدية التشماية ولاية قا , رسالة ماجستير , جامعة 8 ماي ١٩٤٥ -قالمة ,كلية العلوم الانسانية والاجتماعية.
العمري عيسان( 2016 ) معوقات التنمية الاجتماعية بالمجتمع المحلي ورهانات الفعل التنموي ، مجلة تنمية الموارد البشرية ، جامعة محمد لمين وباغين ، سطيف، المجلد 7 ، العدد ، الثاني ، ديسمبر .
غمشي , الز هرة ( 2012 ) رأس المال الاجتماعي الا فتراصي : قراءة في سوسيولوجيا العلاقات الاجتماعية في مواقع الشبكات الاجتماعية , أطروحة دكتورا , جامعة و هران .
الكفارنه ، ميسرة محمود ( 2015 ) دور الجمعيات الاهليه في بناء رأس المال الاجتماعي في دولة فلسطين دراسة تطبيقية اتحاد لجان العمل الزراعى في قطاع غزة , رسالة ماجستير , فلسطين , الجامعة الإسلامية – غزة , كلية التجارة _ الدراسات العليا .
نیازی ، عه بدولمه جید ( 2022 ) فه رهه نگی خزمتگوزاری كۆمه ڵایه تی ، هه رێمی كوردستان ، چاپخانه ی رۆژهه ڵات .
على اكبر، لشكر(2021 ) فقدان سرمايه اجتماعى وتاثير ان بر توسعة شهر أربيل در إقليم كردستان,رسالة دكترى ,دانشگاه رازى ،ايران ، دانشكده علوم اجتماعى.
Ahmad, Abas Sharef and Saadi, Alan Salah, (2024) “Family Environment Related to Social Tolerance Among Students of Koya University”, *KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES*, 6(2), pp. 252–264. Doi: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp252-264
Basida Haidar Anwar and Tahir Hasoo Zebari (2023) “Social Capital Relation with Job Satisfaction Among University Teachers- A Field Research About State University in Erbil City”, *QALAAI ZANIST SCIENTIFIC JOURNAL*, 8(3), pp. 32–64. doi: https://doi.org/10.25212/lfu.qzj.8.3.2
James S. Coleman, (1988) ‘Social capital in the creation of human capital’, American Journal of Sociology, 4.
Field, John, (2003) social capital Frist published, by Routedge, this edition published in the Tayloe& Francis e Library,
Hauberer, Julia, (2011) social capital Theory Towards a Mythological foundation, (first).VS Verlag FUR socializes scha ften l springer Fach Medien Wiesbaden Gambit.
Mahmood, Dastan Omer and Anwar, Basida Haider, (2024) “The Relationship Between Frustration and Forms of Violence Among Young People: From the Perspective Frustration Theories "Albert Cohen" And ‘John Dollard’”, *KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES*, 7(2), pp. 58–72. Doi: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72
Saeed, K.M., Ahmed, A.S., Rahman, Z.M. *et al.* (2023) How social support predicts academic achievement among secondary students with special needs: the mediating role of self-esteem. *Middle East Curr Psychiatry* **30**, 46. Doi: https://doi.org/10.1186/s43045-023-00316-2